کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-6-2007 0:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئازادی یان زمانی زبر لە کاری ڕۆژنامەوانیدا ... حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

husin966@yahoo. com

ئێستا لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچێت ئەمە وێڕای ئەو ڕۆژنامە ئەلکترونیانەی کەلە تۆڕی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو دەبینرێت و پەخش دەکەرێت و لەهەموو کونج و قوژبنێکی ئەم زەویە پان و پۆڕدا بە ئاسانی دەخوێنرێتەوە، و هاوکات تەکانێکی گەورەیان بە بزاوتی ڕۆژنامەگەری کوردی داوە لەمەڕ سەرخستن و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئازادی و دەربڕینی بیر و ڕا و گۆڕان و وەرچەرخانێکیان لە بواری ڕەهەند و چەمکی ڕۆژنامەگەری هێناوەتە ئاراوە و دەنگ و ڕەنگی نەتەوەی کوردیان خستوەتە هاوکوف و هاوشانی دەنگی نەتەوەکانی دیکەی جیهان لەبواری ئاوەز و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریدا، سەرباری ئەوەش ئەم بابەت و جۆر و چەشنە ڕۆژنامەیە مەبەستم ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیە ئازادی نوسین و دەربڕینی بە شێوەی ئازادی ڕەها و بێ هیچ بەربەست و سانوسۆرێکی تێدا فەراهەم و بەرجەستەیە و ڕۆژنامەوانان و نوسەران بەکامی دڵی خۆیان و ئارەزومەندانە بە ناوی خۆیان یان بە ناوی خواسترا و نهێنیەوە دەنوسن و بڵاو دەکرێتەوە.



ئەگەر ئاوڕێکی مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری جیهانی بدەین ئەوا نزیکەی چوار سەدەیە ڕۆژنامە هاتەوەتە مەیدانەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە لە بواری ژیانی مرۆڤدا پێشتر چۆڵەوانیەکی دروست کردبوو، لە زەمەن و قۆناغە جیاجیاکانی ڕەوتی گەشە و نەشونماکردنیدا چەندین هەڵکشان و داکشانی بە خۆوە بینیەوە تاکو گەیشتووەتە ئەم قۆناغ و ئاستەی ئێستای کەلە ناو دەوڵەت و نەتەوە و میللەتە جۆرا و جۆرەکانی دونیادا پانتایەکی فراوانی دابڕ کردووە، محەمەد عەلی پاشا لە میسر و جەمال الدین ئەفغانی و محەمەد عەبدە و ... هتد بانگەوازەکانیان بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی لە کایە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ئاینیەوە لە سوسە و ڕوانگەی ڕۆژنامەوە ئاراستەی کۆمەڵگا کردووە، تاکو دەگاتە ئەو پێناسەیەی کە ئێستا بە دەسەڵاتی چوارەم ناو دەبرێت و ئەرک و مەهامی بۆ ئەو ئامانج و مەبەستەیە و دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکات تاکو پردی بەیەك گەیاندنی نێوان گەل و دەسەڵات بێت.

ئێستا ئەوەندە ڕۆژنامە لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان دەردەچێت من ناوی نیوەیان نازانم کە هەندێك لەو ڕۆژنامە وگۆڤارانە زمانحاڵی پارت و ڕێکخراو و سەندیکا و کۆمەڵەکانن و هەندێکیان بەناو ئەهلین و هەندێکی دیکە بە ناوی ئازاد و سەربەخۆ و بازرگانی و ... .. هتد بەشێوەی ڕۆژانە یاخود نیوە هەفتانە و هەفتەنامە و نیوە مانگ و مانگانە و وەرزنامە دەردەچن، کە ڕۆژنامە فرۆشان و کتێبخانە کوردیەکانیان ئاوەدان و تەژی کردوە لە ناوی جۆراوجۆر و ڕەنگی ئاڵو واڵای خۆیان، بەرگی هەندێکیان ئەوندە سەرنج ڕاکێش سەلیقە و ئارەوزویەك دەدەنە خوێنەرو تەنانەت لای ڕۆژنامە فرۆشان خەڵکانێکی زۆر دەبینم لە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان ڕاماوە و تێیان دەڕوانن.

ئەو ئازادیە ڕۆژنامەگەریەی کە ئێستا بەرکەماڵە تەکانێکە بەکردەنی و پراکتیکی بۆ دیمۆکراتیزە کردنی کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا و شکاندنی ئەو کۆت و بەربەستانەی کە لەمپەر و ئاستەنگی بەردەم ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە مێژوویەیە کە زەمەن و سەردەم بە ڕۆژنامەگەری سپاردووە، بەڵام بەو مەرجەی پێت لەسەر شێوازی کارکردن لەکایە مەعریفی و عەقڵانیەکانی دابنێن و ئاکار و خەسڵەت و تەبیعەت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و بۆچوونی کۆمەڵگای خۆمان لەبەر چاوبگرین و بناسین و بزانیین چۆن رەفتار و مامەڵە لەگەڵ ئەو ئازادیەدا دەکەین و چۆن دەتوانین رۆژنامە بکەینە ئامرازیەك كە رەنگدانەوە و كاریگەری خۆی دروست بکات و هەموو لایەك بەدیقەتەوە تەماشای نوسین و دەربڕینەکانی نوسەرەکەی بکەن، چۆن رەورەوەی كاروانەكە بەرەو پێش دەبەین بەبێئەوەی شەكەتی بكەین و لە دەرئەنجام بەرەو دواوە نەگەڕێتەوە.

زمانی زبر وا دەکات کە ئەو حیوار و دیالۆگانی کە نوسەر دەیکەیت کەسی بەرامبەر کەمتر بایەخ بدات و گوی بگری دەرئەنجامیش شێوازەکە دەگۆڕێت لە زمانی گفتوگۆوە بۆ بەکارهێنانی توند و تیژی و لە ئاکامدا دەسەڵات و کەسی رەخنە لێگیراو نابوت و ناشرین دەکات.

هەمووماں مرۆڤین و بۆ مرۆڤەکان دەنوسین و بە ڕای من هەندێك لە دەنگەکان شێواز و تایبەتمەندی خۆیان هەیە تاکو نوسینەکان و دەربڕینەکنیان بە بەرامبەر بگەیەنن و بە باشترین شێوە و فۆرم دیالۆگ بە ریتمی نوسین لەگەڵ خوێنەر قسە بکەن، رەچاو کردنی خەسڵەتە زاڵ و باوەکانی کۆمەڵگای ئێمە بیرێکی شیاو و گونجاو دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی كار لە پرۆسەی چاكسازی و هاندان بەرەو باشتر كردنی دەسەڵات و تاك و كۆمەڵ بكەین و راژە و ئەركەكانی رۆژنامە بە مەنزڵ و هەقە جی بگەینین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.